## ئالان عومەر :

# کەناڵەکان بە میزاجی خۆیان کلیپ دادەبەزێنن

دیمانە: ڕۆشنە عومەر

**خانمە هونەرمەند ئالان عومەر چەند ســاڵێکە لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات، بەڵام لەو ماوەیەی کە لە ئەوروپا بووە وەك پێویست بەرهەمی هونەری نەبووە، چونکە خاوەن توانایەکی هونەری بەرزە و جەماوەر چاوەڕێی زیاتری لێدەکات، بەڵام ڕەنگە ئەمە لەبەر ســەختی ژیانی ئەوروپا و خۆگونجان بێت لەگەڵ ئەو ژینگەیە نوێیەی کە ئێستا ڕووبەڕووی بوویتەوە، ئالان عومەر بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



*** سەرەتا باس لەدوایین کارەهونەرییەکانی خۆت بکە؟**

- دوایــن کاری هونەریــم دوو بەرهەمــە، یەکیان لە ئاواز و تێکســتی هونەرمەند نەریمان بابانە و بەرهەمەکەی تر بۆ ئاشــتی-یە کە لە ئاوازی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرەو تێکســتی خۆمە، بە شــێوەی دیۆ لەگەڵ گۆرانیبێژ سیریل کردومانە، لەم ڕۆژانە کاری ئەو بەرهەمەش تەواو دەبێت و کاری میوزیکی لە تورکیا بۆ کراوە.

*** بۆچی لەبەرهەمی ئەم جارەت ستایلێکی جیاوازت بەکارهێناوە؟**

- پێموایــە هونەرمەند دەبێــت متمانەی بەخۆی هەبێت بــۆ هەر کارێك کە دەیکات، ئەو ستایلەی من هەڵمبژاردووە هەوڵی بەرفراوانکردنی زیاتری توانا هونەریەکانمە، مەبەستمە لەسەر هەموو ستایلێک کار بکەم.

*** دوای چوونــت بــۆدەرەوەی وڵات بەشــداری زۆر ئاهەنگت کردووە، چالاکیە هونەریەکانی دەرەوەی وڵات چۆن هەڵدەســەنگێنی لەگەڵ هی کوردستان؟**

- چالاکی هونەری موزیک دوو شــێوەن کۆنسێرت و ئاهەنــگ، لە ئەوروپا زیاتر ئاهەنگ و چالاکی هونەری دەکرێــت، بێگومان ئەوەش بۆ دەربڕینی خۆشــی و شــادی خەڵک دەکرێــت و وەک ئاهەنگی خۆشــی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێــت، لەئاهەنگدا ناتوانی بەپێی پێویست کارێک بکەی کە زیاتر خزمەت بە پێشخســتنی هونەرەکەت بکات، چونکە خەڵک دێتە ئاهەنگەکان زیاتر بەمەبەستی هەڵپەڕکێ و دەربڕینی خۆشــی دێت، تۆش ناچاری خزمەتی ویستی بەشداربووانی ئاهەنگەکە بکەی، لــە ئاهەنگدا تۆ ناتوانی ســتافێکی باشی موزیک و ئەندازیارێکی دەنگ لەگــەڵ خۆت بەشــداری پێبکەی، چونکە سازدەرانی ئاهەنگ نایانەوێ خەرجی زۆر بکەن، ئەوەش یەکێکی تر لــە هۆکارەکانی کرچ و کاڵی ئاهەنگەکانە، بەڵام کۆنســێرت شــتێکی ترە لەکۆنســێرتدا تۆ دەتوانی خزمــەت بەهونەرەکەت بکەیت، چونکە هــەم دەتوانی

ستافی باشی موزیک و هەم ئەندازیاری دەنگ لەگەڵت بێت، هەم ئامادەبووی کۆنسێرتیش بۆ بیستنی بەرهەمەکان دێت، دەیەوێ لە جەوێکی هونەریدا کات بەسەر ببات و تەنیا مەبەستی شایی و دەربڕینی خۆشی نییە. لە ئەوروپا زۆر کەم کۆنسێرت ساز دەکرێت و زیاتر چالاکیە هونەرییەکان ئاهەنگن، بەڵام لە کوردستان لەگەڵ ئاهەنگەکان کۆنسێرتیش ساز دەکرێت، بۆیە بێگومان چالاکییەکانی کوردستان زیاتر لە خزمەتی هونەردان.

*** گوایە ئێستا لەسوید لەگەڵ کۆمپانیایەکی هونەری کاردەکەی ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- ئەوە ڕاست نییە تەنیا کۆمپانیایەك بوو بەناوی ڕای کوالیتی بۆ بەرهەمهێنانی کلیپ، کلیپێکی بۆ کردم لە وڵاتی فینلندە، ئێستا تەنیا خوێندکارم و دەخوێنم و هیچی تر.

*** گوایە هونەرمەند کازم ساهیر هەڵسەنگاندنی لەسەر دەنگی تۆ کردووەو وتویەتی بە ئەساڵە نەسری دەچی؟ ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- شتێکی وام نەبیستووە، بەڵام لە بۆنەیەک کازم ساهیرم بینووە و تەنیا تەعاروفێکمان کردووە.

*** بۆچی ئێستا لەشاشەکان دەرناکەوی؟**

- من لەزۆربەی ئاهەنگ و یادەکانی نەورۆز لە ئەوروپا و بەرنامەی تایبەت لە تیڤی بەشدار بووم، بەڵام لەوانەیە میدیاکانی خۆمان بێئاگا بن و کەم تەرخەمیان هەبێت بۆ گەیاندنی کاری هونەری من، ئەگەر نا بێ کار دانەنیشتووم، خۆشتان دەزانن کەناڵە کوردیەکان دەیانەوێ هونەرمەند بچێت لەبەردەرگاکەیان بوەستێ تا گرنگی بەکارەکانی بدەن، ئەوەش بە من ناکرێت و ناشیکەم، من نازانم لە ساڵێکدا لە ڕێی تیڤیەکانەوە چەند هونەرمەند داوەت دەکرێت بۆ کوردستان و سازکردنی چالاکی هونەری لەگەڵ ئەو تیڤیە، جیا لەوەی چاوەڕێن سودەی هونەرمەندێک بکەن و بانگی بکەن بۆ فەراغی شاشەو پرۆگرامەکانی خۆیانی پێ پڕ بکەنەوە.

*** بەم دوایانە کلیپێکت کرد، بەڵام لەشاشەکان دانەبەزی؟ هۆکارەکەی چی بوو؟**

- نازانم هۆکەی چییە، دەکرێ لە کەناڵەکان بپرسن، بەڵام ڕەنگە ئەو کەناڵانە کێشەیەکیان لەگەڵ یەکێک لە کاراکتەرەکانی بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە هەبێت، هەموو کەناڵەکان بەپێی حەزو میزاجی خۆیان کلیپ وەردەگرن و دای دەبەزێنن، بۆیە ئەم گلەییانە بەردەوام هەیەو دەکرێت و پرسیاریشی زۆر لەسەرکراوە، ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کاری خۆم دەکەم، کەناڵ بڵاوی دەکەنەوە یان نا ئەوە پێوەندی بەخۆیانەوە هەیە، من داوا لە هیچ کەناڵێک ناکەم، بەڵکو دەبێت ئەوان داوا لەمن بکەن.

*** بەرهەمێکت لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر کرد، بەنیاز نیت بۆ بەرهەمی داهاتووشت کار لەگەڵ ئەو بکەیتەوە؟**

- من ئەلبومێکم لەگەڵ هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر کرد و داهاتووش نازانم چۆن دەبێت، بەڵام هیچ سەرنجێکم لەسەر کارەکانی هەڵکەوت زاهیر نییە کە ببێتە هۆی ئەوەی کار نەکەم لەگەڵ بەرێزیان و کارەکانیم زۆر لەلا جوانە، بەهیوام لەداهاتووش بتوانین پێکەوە کار بکەین.

*** جیابوونەوەت لەچەتۆ نەورۆز تاچەند کاریگەری هەبوو لەسەر کارەکانت؟**

- هیچ کاریگەری نییە و نەبووە، چونکە دەنگم هەیە و پشت بە توانای خۆم دەبەستم نەك کەسی تر، بەڵام ڕەنگە جیابوونەوەی من لە ئەو کاریگەری لەسەر کاری ئەو هەبووبێت، چونکە من دوای ئەوەش خەریکی کار و بەرهەمی خۆمم و بێ بەرهەم نیم، بەڵام ئەو چەند بەرهەمی دوای من هەیە؟ لەگەڵ کام هونەرمەند توانیویەتی بەرهەمێکی باش بکات؟

*** سلێمانی لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- سلێمانی بەشێکە لە ڕۆحم، خۆشەویستی من بۆ سلێمانی وەک خۆشەویستیمە بۆ دایکم، بیری کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی دەکەم.

*** زۆر جار کاری ڕاگەیاندن دەکەی و شت دەنووسی؟ کاری گۆرانی وتن و کاری ڕاگەیاندن دوو کاری جیان، هەست دەکەی لەکامەیان زیاتر سەرکەوتوو تری؟**

- کاری ڕاگەیاندن و هونەری گۆرانی لە جەوهەردا دوو شتی لەیەک جیاواز نین، بەڵام لە ئالیەتی بەجێگەیاندن و شێوازیان ڕەنگە لەیەک جیاواز بن، ڕاگەیاندن بەردەوام مەبەستی گەیاندنی شتێکە، گۆرانیش بەهەمان شێوە بەردەوام شتێکی پێیە و دەیگەیەنێتە بیسەرەکانی، بۆیە لەو بارەوە هەردووک بوارەکە یەک ئەرکیان لە ئەستۆیە کە گەیاندنە، من بەر لەوەی گۆرانی بێژبم، لە ڕاگەیاندن کارم کردووە وەك پێشکەشکاری بەرنامە سەرەتا لە کەناڵە ناوخۆییەکان دەستم پێکردووە دواتر پەیامنێر بووم. بۆیە لەهەردوو بوارەکەدا خۆم دەبینمەوە و بەهیوام بتوانم گرنگی زیاتریشیان پێبدەم.

*** خۆت پەیمانگات تەواو کردووە بەشی پزیشکی، بەنیاز نیت کار لەو بەشە بکەی کە تەواوت کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێستا بە نیازم لەو بوارە زیاتر بخوێنم و کاری تێدا بکەم، خزمەت بە پیشەکەم بکەم کە کاری بەنج کردنە لە ژووری نەشتەرگەری.

*** تاچەند حەز لەمکیاج دەکەی؟**

- تەنیا بۆ بۆنەکان بە ڕێژەیەکی کەم مکیاج دەکەم.

*** زۆر لەئافرەتان حەز لە زیڕ دەکەن ئەی تۆ؟**

- زۆر حەزی لێ ناکەم، بەڵام ئەگەر هەبێت خراپ نییە.



# پالترۆ 975 هەزار دۆلاری وەرگرت بۆ ئەلبوومێک

گۆینس پالترۆ ئەستێرەی گۆرانی گرێبەستێکی مۆر کرد لەگەڵ کۆمپانیای (ئەتلانتیك) بە مەبەستی تۆمار کردنی ئەلبوومێکی نوێی گۆرانی بە بڕی ٩٧٥ هەزار دۆلار.

ڕۆژنامەی (زە سەن)ی بەریتانی ڕایگەیاند کە پالترۆ ڕووبەڕووی کریس مارتنی هاوسەری و ئەستێرەی تیپی (گۆڵدبلای)ی بەریتانی نابێتەوە، بەڵام ڕکابەرێتی دەکات تەنیا لەڕووی مۆسیقا و هونەرییەوە دوای مۆر کردنی گرێبەستەکەی بە بڕی ٩٧٥ هەزار دۆلار و ئەمەش دەبێتە یەکەم بەرهەمی پالترۆ، شایەنی گوتنە پالترۆ سەرنجی جەماوەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا دوای بەشداری کردنی لە فیلمی (کاونتری سترۆنگ) هەروەها دوای ئەوەی ڕاستەوخۆ گۆرانی وت لە ئاهەنگی دابەشکردنی (گرامی) و (ئۆسکار).





## گولا کوردی حەز لە دەنگی محەمەد شێخۆ دەکات

گولا کوردی یەکێکە لە کچە گۆرانیبێژەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە توانیویەتی شوێنی خۆی لە دڵی جەماوەرەکەی بکاتەوە، بۆیە لە زۆربەی ئاهەنگەکانی ئەو ناوچەیە بەشداری دەکات.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (وەڵاتێ مە) گولا کوردی دەڵێ: من زۆر ڕازیم لەو ئاهەنگانەی کە پێشکەشی دەکەم، هەرچەندە لەڕووی ماددییەوە داهاتەکەیان دیاریکراوە، بەڵام لەڕووی هونەری و مەعنەوییەوە داهاتەکەی زۆربووە و لە هەموویشیان زیاتر ئەوەیە کە جەماوەر لە نزیکەوە دەمناسێت، ئەمەش بۆ من گەورەترین سەرمایەیە.

دەربارەی هۆکارەکانی دواکەوتنی بەرهەمەکەشی دەڵێت: یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوەیە کە بەرهەمێکی تایبەت بەخۆم هەبێت و تا ئێستا چەندین کەس ئاواز و شیعریان پێشکەش کردووم، بەڵام تۆمارکردنی بەرهەمێك پێویستی بە داهاتێکی ماددی زۆر هەیە کە من ناتوانم لە ئێستادا دابینی بکەم، گولا کوردی هەروەها دەڵێت: من یەکێکم لە شەیدایانی دەنگی هونەرمەندی نەمر محەمەد شێخۆ و زۆریش کاریگەرم بە گۆرانییەکانی، لە هونەرمەندە نوێیەکانیش زۆر حەز لە دەنگی خانمە هونەرمەند چۆپی فەتاح دەکەم.

## حەسەن غەفور:

# زیاد ئەسعەد بۆچوونێکی تازەی هەیە لەسەر تێکست و شێوازی ئاواز دانان

هونەرمەندی لاو حەسەن غەفور کە لە نزیکەوە ئاگاداری دوایین بەرهەمی چاوەڕوانکراوی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە دەربارەی هۆکارەکانی دواکەوتنی ئەم بەرهەمە دەڵێ: بەرهەمە چاوەڕوانکراوەکەی هونەرمەند زیاد ئەسعەد دوای چەندین ساڵ لە بێدەنگی و نەبوونی بەرهەمی هونەری دێت و ماندوبوونێکی زۆری پێوە بینیوە لە هەموو لایەکەوە بۆیە ئێمە بە دوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێین کە بەشێوەیەك بڵاوی بکاتەوە شایەنی بەرهەمەکە بێت، چونکە زیاد ئەسعەد هونەرمەندێکی جەماوەرییە و چەندینساڵە بۆ خزمەتی هونەری کوردی کار دەکات و لەو ئەلبوومە نوێیە چاوەڕوانکراوەیدا شێوازێکی نوێی پەیڕەو کردووە لەڕووی شیعر و هەست و ڕاگەیاندنی ئەو تێکستانەی لە گۆرانییەکانیدا دەیەوێ ڕایبگەیەنێت، بە قسەی زیاد خۆی ئەم تێکستانە شێوازێکی تازەی لەخۆ گرتووە، بەگشتی بۆچوونێکی تازەی هەیە لەسەر تێکست و شێوازی ئاواز دانان و ئەو ئاوازە نوێیانەی پێویستە بێتە نێو هونەری کوردییەوە، هەرچەندە ڕەچاوی ئەوەی کردووە لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کە ئێمەی کورد چۆن وەریدەگرین و گوێی لێدەگرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانییەکان نوێکاری زۆری تێدایە.

بەشێوەیەکی گشتی دەڵێم زیاد ئەسعەد بە هەر شێواز و ستایلێك گۆرانی بڵێ، هەستی ئەدا و نواندنی گۆرانییەکە دەگەڕێتەوە بۆ زیاد ئەسعەد، لەوانەیە هەندێك گۆڕانکاری هەبێت لە دەستپێکردنی گۆرانییەکە، بەڵام مۆرکی زیاد ئەسعەدی پێوە دیارە بە شێوەیەکی ئاشکرا.



بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com
Mobile: 07504494920

## كاردیشیان بۆ یەكەم جار دەبێتە ئەكتەر

دوای ئـەوەی كۆرتنی كاردیشـیان بۆ ماوەیەك بەشداری لە تەلەفزیۆنی (واقع) دا كرد بـۆ یەكەم جار ڕووی لە بورای ئەكتـەری كـرد ئەویش لـە ڕێگەی زنجیرەی (وان لایڤ تو لایڤ).
لەم بارەیەوە ماڵپەری (یۆ ئێس مەگەزین) بڵاویكردەوە كۆرتنی كە بەشداری كردووە لەگەڵ هەردوو خوشـكی كیم كلۆی لە تەلەفزیۆنی واقع بـەر لە چەند ڕۆژێك ئەڵقەیەكی زنجیرەكەی تۆمار كرد و تێیدا ڕۆڵی پارێزەرێك دەبینێـت، لەم بارەیەوە كۆرتنی ڕایگەیاند كە بەشداری كردنی لەم زنجیرەیەدا خەونێكی لە مێژینەیە بۆی و هەر لـە منداڵییەوە خەونی پێوە دەبینی، بۆیە لە یەكەم دیمەندا هەستی بە تـرس و دڵەڕاوكێ دەكـرد بەتایبەتـی لـەو دیمەنـەی كە ئەكتەری بەرامبەری ماچ دەكرد، بەڵام دەرهێنـەر ڕایگەیاند كـە كۆرتنی زۆر بـە جوانـی دیمەنەكەی تۆمار كرد و تێـیدا سەركەوتوو بوو.





## بە هیوای سەلامەتی بۆ هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساس

شـەوی ١٣/١٤-٣-٢٠١١ هێرش كرایە سەر «ئیبراهیم تاتلیساس» گۆرانیبێژی ناودار، لە لایەن چەند چەكدارێكی نەناسراو و بریندار كراوە. «ئیبراهیم تاتلیساس» گۆرانیبێژی ناودار، لە ناوچەی «شیشـلی» شاری ئەستانبۆڵ كاتژمێر (١٢)ی شـەو ١٣/١٤-٣ بە كاتی ئەسـتانبۆڵ لەلایەن سێ چەكداری نەناسراو هێرشـی كرایە سەر و بە سەختی بریندار بوو، (تاتلیساس)، هونەرمەندێكی گەورەیە و خزمەتێكی زۆری هونـەری توركیایی و كوردی كردووە و هەمیشـە جێی ڕێزی خەڵكی هەرێمی كوردستان بووە و زۆریشیان خۆش دەوێ. بەم بۆنەیەوە هیوای سـەلامەتی بۆ هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیساس دەخوازین و هیواداریـن ئەنجام دەرانی ئەم كردەوە قێزەوەنە بدرێنە دادگا و بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن.


## جەمال محەمەد لە گەشتێكی هونەریدا

دەربـارەی دوایین كار و چالاكی هونەری تیپی مۆسـیقای دهۆك، مامۆسـتا جەمال محەمەد لە پێوەندییەكدا تایبەت بە گوڵان وتی: وەك تیپی مۆسـیقای دهۆك بۆ سـاڵی ٢٠١١ پرۆژەیەكی باشمان داڕشتووە و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیر و هونەری دهۆك ئاگادار كراوەتەوە لێی كە بریتییە لە چەند پارچە مۆسـیقایەك كە تەنیا كاری وێنەگرتنی ماوە، هەروەها خۆمان ئامادە كردبوو بۆ بەشـداری كردن لە فیستیڤاڵی (محەمەد شێخۆ) كە لە ٢٠١١/٣/١٠ ئەنجام درا، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەی فیستیڤاڵەكەوە گفتوگۆمان كـرد دەركەوت كە تا ٣/٢٢ كـەس نەیدەتوانی ئامادە بێت بێ ئەوەی پرۆڤە ئەنجام بدەین، بۆیە بڕیارماندا كە بەشـداری نەكەین، چونكە ئێمـە ناتوانین بێ پرۆڤە لە كارێكی لەو شـێوەیەدا بەشداری بكەین، هەروەها گۆرانییەكم ئامادە كردووە بەبۆنەی نەورۆز كە بڕیار بـوو لە مانگی ئادار تـەواو بێت و بڵاوبكرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سـەرقاڵ بووین بە فیسـتیڤاڵی (محەمەد شێخۆ) ئەویشمان دواخسـت، بۆیە بڕیارمانداوە بیكەین بە یەكێك لە گۆرانییەكانی بەرهەمی تیپی مۆسـیقای دهۆك. لەلایەكی دیكەوە مامۆستا جەمال محەمەد ڕایگەیاند لە وڵاتی ئەڵمانیا وەك سـەرۆكی تیپی مۆسیقای دهۆك و ژەنیاری كەمان لە وڵاتی ئەڵمانیا لەلایەن پەرلەمانی ئەڵمانیاوە داوەت كراوە بەبۆنەی ئاهەنگەكانی ئـادار و نەورۆز كە تا ٣/٢٧ بەردەوام دەبن، بڕیـار وایە من لە ڕۆژی نەورۆز بۆ ماوەی نیو كاتژمێر شـەش پارچە مۆسیقا پێشكەش بكەم بە ئامادەبوونی پەرلەمانی ئەورووپی و ئەڵمانی.



# شەیدا:

# دلبەر بە گۆرانی (تو نزانی) دەرکەوت و ناسرا



شەیدا یەکێکە لە هونەرمەندە خاوەن ستایل و شێوازێکی تایبەت کە سەرەڕای کەمی گۆرانییەکانی، بەڵام ئەم گۆرانیانە (شەیدا)یان بەشێوەیەك ناساند بە جەماوەر کە موژدەیەك بوو بۆ هەوادارنی هونەری ڕەسەنی کوردی کە گۆرانییەکانیان تا ماوەیەکی زۆر زیندوو و نەمر دەمێنێتەوە لەلایەن جەماوەر.

شەیدا نیشتەجێی شاری حەلەبە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندە خاوەن توانایەکی هونەری زۆرە، چونکە سەرکەوتن و پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری لە ڕۆژئاوای کوردستان کارێکی زەحمەتە لە زۆر لاوە، بۆیە لە پێوەندییەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

***گۆرانی (تو نزانی) کە لەگەڵ هونەرمەند دولبەر وتووتە یەکێکە لە گۆرانییە هەرە سەرکەوتووەکان، پێتوایە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم گۆرانییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی شیعر و ئاوازەکەی زۆر خۆش بوون و بە ئاسانی لەلایەن جەماوەر تەقەبول دەکرا و دەچوو بە دڵییەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم شیعر و ئاوازی ئەو گۆرانییە بەو جۆرە بوو کە هەموو تاکێك حەز بکات و گوێی لێ بگرێت، هەرچەندە سەرەڕای ئەوەی ئاسانە، بەڵام لە هەمان کاتدا زەحمەتە، ئەو گۆرانییە لە هەموو بوارێکدا مەرجەکانی هونەری سەرکەوتووی و ئەو گۆرانیانەی تێدایە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێنێتەوە کە بریتین لە ئاواز و شیعر و دەنگی خۆش و هەرسێکیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام ئایا سەرکەوتوو بوو یان نا ئەمەیان بۆ جەماوەر دەگەڕێتەوە.

*** چۆن (دلبەر)ت هەڵبژارد بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەم گۆرانییە؟**

- من حەزم دەکرد کەسێك لەو گۆرانییەدا لەگەڵم بەشدار بێت کە موزیکی خوێندبێ بەشێوەیەکی ئەکادیمی و شارەزای گۆرانی و موزیکی و مەقامات و چۆنیەتی ئەدا کردنی هەبێت بە هەستێك کە لەگەڵ ئاواز و شیعرەکەدا بگونجێت بەجۆرێك کە چێژێکی تایبەت بە گۆرانییەکە ببەخشێت، دلبەریش لە زانکۆ موزیکی خوێندووە، دەمویست دەنگێك بێت کە لەلایەن جەماوەرەوە مایەی گوێگرتن بێت، هەروەها دەنگێکی نوێ بێت کە خاوەن ستایلێکی تایبەت بێت لە هەمان کاتدا نوێ بێت، نەك کەسێك بێت کە تەنیا هەوڵ بدات گۆرانییەکە بڵێت، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە لە بواری خێزانیشەوە تێکەڵاوییەکمان هەیە و باوکی دلبەر یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانم، هەروەها زۆربەی ئەندامانی خێزانی دلبەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی موزیکیان خوێندووە و شارەزاییەکی باشیان هەیە، سوپاس بۆ خوا کارێکمان ئەنجامدا و زۆریش سەرکەوتوو بوو و هیوادارم دلبەر بەردەوام و سەرکەوتوو بێت.

*** جگە لەم گۆرانییە دلبەر پێشتر هیچ کاری دیکەی هەبووە؟**

- نەخێر ئەمە کاری یەکەمی بوو، من حەزم نەدەکرد هونەرمەندێك بهێنم کە ناسراو بێت و خەڵك بیناسێت، بەڵکو حەزم دەکرد گۆرانیبێژێکی نوێ پێشکەش بە جەماوەر بکەم و ببمە هۆی دەرکەوتن و ناسینی لەلای جەماوەر و توانیم لەمەدا سەرکەوتوو بم.

*** ئایا پڕۆژەی هونەری نوێی هەیە کە پێشکەشی بکات بە تەنیا یان بە هاوبەشی لەگەڵ تۆ و هونەرمەندی دیکە؟**

- لەو باوەڕەم کە خەریکی چەند کارێکە، بەڵام چۆن و لەگەڵ کێ ئەوەیان نازانم.

*** لە بەرهەمە نوێیەکەتدا هیچ گۆرانییەکی هاوشێوەی (تو نزانی)ی تێدا نییە؟**

- نەخێر من لەگەڵ ئەو جۆرە کارانە و دووبارەکردنەوەی کارێك لەگەڵ هەمان هونەرمەند دا نیمە، گۆرانیبێژ هەر کارێك ئەنجام بدات پێویست ناکات دووبارەی بکاتەوە، چونکە هەمان تام و چێژی نابێت و حەز ناکەم بۆ ماوەیەکی زۆر بە یەك شێوە دەربکەوم، ئێستا زۆر گۆرانی هاوشێوەی و بە هەمان ئەو ستایلەی گۆرانی (تو نزانی)یم لەبەر دەستە، بەڵام نامەوێ وەك ئەوی بڵێم، بەڵکو خۆم بە تەنیا دەیڵێم بێ ئەوەش کەس بەشداریم لەگەڵدا بکات.

*** ئەم هەڵوێستە لە ئەنجامی ترسە لە سەرنەکەوتنی گۆرانییەکە یاخود ستراتیژیەتێکی تایبەتی خۆتە وەك هونەرمەند؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك پێوەندی بە ترسەوە نییە، چونکە من نامەوێ کارێك بکەم کە نەگاتە ئاستی بەرهەمی پێشووترم و هەوڵ دەدەم هەمیشە کاری نوێ بکەم نەك تەنیا لە

ئاستی بەرهەمی پێشووترمدا بێت، بەڵكو دەبێ زۆر باشتر بێت، هەر بۆیەش بەرهەمی داهاتووم ماوەیەك دواكەوت و ڕەنگە هێشتا دوابكەوێت ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی بەرهەمێك پێشكەش بە جەماوەرە خۆشەویستەكەم بكەم كە بە تەواوی لێی ڕازی بێت.

گۆرانی (تو نزانی) كارێك بوو ئەوەی دەخواست من و دلبەر بە یەكەوە بیڵێین دوای بیركردنەوەیەكی زۆر و پەنا بەخوا وتمان و زۆریش سەركەوتوو بوو، پێموایە ئێستا پێویست ناكات هەمان شت دووبارە بكەینەوە جا لەگەڵ دلبەر بێت یان لەگەڵ هەر هونەرمەندێكی دیكە.

***نیازی ئەوەت نییە سەردانی باشووری كوردستان بكەیت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت زۆر جار داوام لێكراوە سەردانی باشووری كوردستان بكەم، بەڵام هەندێك گرفت و ئاستەنگ هەن كە ڕێگرن لە هاتنم، ئەمە جگە لەوەی كاری ڕۆژانە و خێزانیش ڕێگرن لەوەی لە نزیكەوە جەماوەر و گەلی خۆم ببینم لە باشووری كوردستان، بەڵام زۆر بە پەرۆشەوەم بۆ ئەوەی سەردانی كوردستان بكەم و پەنا بە خوا لە نزیكترین دەرفەتدا ئەو ئاواتەم دێتە دی.

*** هونەر و هونەرمەندانی كورد لە ڕۆژئاوای كوردستان لە چ بارودۆخێكدان؟**

- نەك تەنیا هونەرمەندە كوردەكان من دەتوانم باس لە هونەرمەندە عەرەبەكانی سوریاش بكەم، بەڕاستی لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە مافی هونەرمەند بە تەواوی و بە ئاشكرا پێشێل دەكرێت مەبەستم لێرە مافی چاپ كردن و لەبەرگرتنەوەی بەرهەمە هونەرییەكانە تا ئێستا لایەنێك نییە بەرگری لە هونەرمەندان بكات، ئەم دیاردەیەش تەنیا لە كوردستان نییە، بەڵكو لە هەموو وڵاتانی دەوروبەری كوردستاندا هەیە و زۆر زیاتریشە لەوەی لە كوردستان ئەنجام دەدرێت.

*** گرفتەكانی ئێوەی هونەرمەند لە ڕۆژئاوای كوردستان چین؟**

- گرفتەكانمان زۆرن كە ڕەنگە نەتوانم هەموویان باس بكەم، لەوانە نەبوونی ئاوازدانەری كورد، ئەگەر هەشبن، ئەوا ژمارەیان زۆر كەمە هەروەها موزیكژەنیش زۆر كەمە، من كە بمەوێ لەگەڵ گروپێك كار بكەم دەبێ سەردانی شام بكەم تا دەستم دەكەوێت، ئەمەش یەكێكە لە چەندین گرفت كە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

*** نوێترین كاری هونەریت چییە؟**

- ئێستا خەریكی بەرهەمێكی نوێم كە لە نزیكەی ٩ گۆرانی نوێ پێكدێت، تێكستەكان هی شاعیری نەمر جگەرخوێن و چەند شاعیری دیكەیە كە پێشتر شیعرەكانیان كراون بە گۆرانی، ماوەیەكی زۆری پێویستە تا بتوانم بەرهەمێك پێشكەش بە جەماوەر بكەم كە بە تەواوی لێی ڕازی بم و بە دڵی جەماوەر بێت، دەربارەی ئاوازەكانیش تا ئێستا بڕیارمداوە هەموویان خۆم دایانبنێم، لەوانەیە لەگەڵ هەندێك هونەرمەندی دیكە گفتوگۆ بكەم بۆ ئەوەی ئاوازی هەندێك لە گۆرانییەكان بە چەند هونەرمەندێكی دیكە بسپێرم، بەڵام تا ئێستا هەموو ئاوازەكانی هی خۆمە.

